# ئیسلامیه تی ده ستووری عێراق وئه مریکا.

ڕه شنسووی ده ستووری عێراق له گه ڵ ئه و ماده و به ندانه ی هه ڵواسراون تیایدا(گه ر له په رله مانی عێراقدا زۆرینه ی ده نگه کانی هێنا) ، له گه ڵ خوێندنه وه ی جیاوازی لایه نه کان بۆ ی،هێشتا ده کرێت له هاوکێشه یه کی ڕامیاری ئاڵۆز ی و ه ك عێراق ، سه رکه وتوانه هه ڵبسه نگێنێرێت با ( سونه ش ڕه تی بکاته وه).

هه رکه سێك باس له ده ستوور یان په رله مان یان ده سه ڵاته کانی سه رۆك کۆمار وسه رۆك وه زیرانی عێراق بکات هه میشه ده بێت قورسایی ئه مریکا بزانێت که ده رگاکانی پایته ختی شکاند و ئۆپۆزیسیۆنی جارانی لێ هاته ژووره وه.

ئه گه ر بانگه شه ی لێدانی ئه فغانستان و عێراق ، دوو هه نگاوی گه وره ی شه ڕی تیرۆر و چه کی کۆکوژ بێت و بخرێته چوارچێوه ی ( سه ربه ستی و دیموکراسی و مافه کانی مرۆڤ و مافی ژن و......) که دیاره ئه مانه ش پێویست بوونی که نارکردنی (ئیسلام یان ئایینه ) له ده سه ڵاتدا. به ڵام له ده ستووری عێراق پێچه وانه که وته وه که چاوه ڕوان نه ده کرا فۆرمی ده ستوور له جۆر و شێوازی ئێستادا به فلته ری ڤیتۆی ئه مریکادا تێبپه ڕێت و بگاته په رله مان.

گه رچی زووه داهاتووی ده ستوورێکی ئاڵۆز ی تازه نوسراو بخوێنرێته وه و ئه گه ره کانی ئاینده ی ڕاڤه بکرێن. به ڵام په سه ندکردنی شیعه و کورد ( ئه مریکاش ڕه تی ناکاته وه) به ڵگه ی سه رکه وتنێتی له بواری یاسایی و ته کنیکیه وه.

ئه وه ی ئه م بابه ته ده یه وێت به کورتی ئاماژه ی پێبکات ئه مه یه:

په سه ندکردنی ده ستووری ئیسلامی عێراق لای ئه مریکا سه ره تای پاشه کشه ی به رنامه ی ڕامیاری ئه وه له ڕۆژهه ڵاتی ناوه ڕاست یان نا..؟

له به ر ئه وه ی(مه سه له ی ده ستوور و هه ڵوێستی ئه مریکا) دوو مه سه له ی پێکه وه گرێدروای تازه یه ، به ڵام ده کرێت وا بخوێنرێته وه:

ئه مریکا بۆ لێدانی تیرۆرو پاشماوه کانی به عس پێویستی به هێزی مرۆیی سه ربازی عێراقی هه یه (له ژێر سه رکردایه تی خۆیدا) به هه ر ناو و شێوازێکه وه بێت.

هه ڵبه ت ئه مریکا له چه ند لایه نێکه وه سه یری شیعه ده کات.

1-زۆربه ی خه ڵکی عێراقن و دوژمنایه تی مێژووییان له گه ڵ سونه هه یه.

2- سه رکردایه تی تیرۆری ئیسلامی دژی ئه مریکا ، عه ره بی سونه یه.

3- ده سه ڵاتێك ده بن هه میشه هه ڕه شه ده بن له خه لافه تی (وه هابی یه کانی سعود) که میراتگری ئیسلامیان قۆرخ کردوه .

4- دۆخی وو ڵاتانی بچووکی نه وتی که نداو هه میشه ده خاته باری نائارامی ، که ده یانکاته بازاڕی چه ك کڕین و بۆشایی ترس له سه دام بۆ کۆمپانیاکانی چه ك پڕده کاته وه.

5- له به رامبه ر پشتگیری ئه مریکا بۆیان له ده سه ڵاتی عێراقدا ، هه ڵوێستیان له کێشه ی (ئه مریکا - ئێران) نه رم ده کات تا ڕاده ی بێ لایه ن بوون کاتێك ئه مریکا بۆردوومانی چه کی ئه تۆمی ئێرانی و ڕۆکێته دوورهاوێژه کانی ده کات.

ئه مریکا بۆ هه نگاوی داهاتووی پێویستی به وه هه یه عێراق یه کلا بکاته وه تا به ره یه کی تر بکاته وه. به بڕوای من ئه مریکا ئێستا چاوه ڕوانی یه کلاکردنه وه ی عێراقه ده نا بڕیاری لێدانی سوریا و ئێرانی ڕامیاریانه داوه . به ته وابوونی ده ستووری عێراق ڕۆژگاره کانی لێدانی ئێران نزیکتر ده بنه وه ، چونکه چه که قورسه کانی له نۆره دا پێش سوریای خستووه.

شێرزاد خه راجیانی